# دزەکانی فەیسبووک، ماڵپەڕە کوردییەکان و تەلەفزیۆنەکان



دووشەممە 25.7.2016
دەرسیم
Darsim2006@hotmail.com

دوای ئەوەی لە ڕۆژی (٢٠١٥/٥/٣١)دا پەرتووکی (ئازارە شاردراوەکان یاداشتی زیندان)م لە پەیژی فەیسبووکی خۆم، ماڵپەڕەکانی (کوردیپێدیا) و (هەواڵنامەی کتێب) بلاوکردەوە، دزەکانی فەیسبووک، ماڵپەڕە کوردییەکان و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن دەستیان کرد بە دزینی هەندێ زانیاری گرنگی نێو پەرتووکەکەم کە سەبارەت بە ناپاک و بەکرێگیراوی بەعس (عەمید خالید خۆشناو)ی ئەفسەری مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و نووسەری سروودی (سەرۆکمان زێڕە)، کە خالید خۆشناو ئەو هەڵبەستەی بۆ (سەدام حوسێن)ی نووسیوە و خانەی مامۆستایانی هەولێر لە ساڵی (١٩٨١) یان (١٩٨٢)دا کردیان بە سروود و بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆماریان کرد.

سەرەتای بڵاوکردنەوەی ئەو دزییە بەناوی چەند کەسێک، پەیژێکی فەیسبووک و ماڵپەڕێکی کوردی پەیوەندیم بە زۆربەیانەوە کرد و پرسیاری لابردنی ناوی خۆمم کرد، ئەوانەی وەڵامیان دامەوە داوای لێبووردنیان کرد و بەڵێنیان دا کە ناوی منی بخەنە سەر، هەندێکیان خۆیان لە وەڵامدانەوە پاراست سەرەڕای ئەوەی کە قسەی ڕەقم بۆیان نووسیبوو! بەڵام ئەوانەی کە بەڵێنیان دا، بەتایبەت ئەوکەسەی کە مۆنتاژی زانیارییەکانی منی کردبوو لەگەڵ سروودی (سەرۆکمان زێڕە)، تەنیا لای خۆی نەک لەسەر مۆنتاژکراوەکە بۆ ماوەیەک ئاماژەی بەناوەکەم کرد وەکو سەرچاوەی زانیارییەکان، دواتر ئەویشی لادا!

بەڕاستی زۆر دڵتەنگ و غەمبارم بە دزینی ئەو زانیاریانە و مۆنتاژکردنی زانیارییەکان لەگەڵ سروودی (سەرۆکمان زێڕە) و ئاماژە نەکردن بە ناوەکەم وەکو سەرچاوەی زانیارییەکان. ئاخر هەر خۆم بووم یەکەم کەس لە ساڵی (٢٠٠٣)دا باسی خالید خۆشناو-م کرد، کە دوای گیرانم لە (١٩٨٦/٣/٢)دا ناوبراو جنێوی پێداوم و و ئەشکەنجەی داوم! هەر خۆم بووم یەکەم کەس لە ساڵی (٢٠٠٣)دا باسی سروودی (سەرۆکمان زێڕە)م کردووە، کە لە نووسینی (نەقیب خالید خۆشناو)ە، کە دواتر پلەکەی گەییشت بە عەمید و لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (میدیا) باسی ئەوەی کرد کە گوایە مەغدوورە و دەبوایە پلەی لیوای هەبێ کەچی لای بەعس بە پلەی عەمید خانەنشین کرابوو! دواتر پارتی دیموکراتی کوردستان غەدرەکەی لەسەر لاداو بە پلەی لیوا خانەنشینی کرد! هەر خۆم بووم یەکەم کەس باسی ئەوم کرد، کە خالید خۆشناو وانەبێژە لە پەیمانگای پێگەیاندنی کادیرانی پارتی لە پیرمام (مەسیف سەلاحەدین) و وانەی ئاسایشی نەتەوەیی (الأمن القومي) دەڵێتەوە!

بۆ دەبێ بێویژدانانە زانیارییەکانم بدزرێن و بەناوی کەسانێک، پەیژێک، ماڵپەڕێک یان تەلەفزیۆنێک بڵاوبکرێنەوە؟ بۆ دەبێ ناوەکەم لابردرێ و زانیارییەکان وەکو ئەوەی کە نووسیومە، بەناوی کەسان و دەزگای تروە بڵاوبکرێنەوە؟ لە ڕابردووش دزی زۆرم لێکراوە. بەتایبەت زانیارییەکانی نێو پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفالەکان لە باشووری کوردستان)، کە ماندووبوونی زۆرم پێیانەوە چەشتووە و کاتی زۆرم بۆیان تەرخان کردووە! لە سەردەمی گفتوگۆی کەناڵی (ئێن ئار تی) لەگەڵ خائین و خۆفرۆش قاسم ئاغای کۆیە، کەسانێکی زۆر کە تێیان دایە بەناو نووسەریشە لە ماڵپەڕەکان و پەیژی فەیسبووکی خۆیاندا، تەواوی زانیارییەکانی نێو ئەو پەرتووکەی منیان سەبارەت بە قاسم ئاغا دزی و بەبێ ئاماژەکردن بەناوەکەم لە ماڵپەڕە کوردییەکان و پەیژەکانی فەیسبووکی خۆیان بڵاویان کردووە!

هیوادارم و داواکارم ئیتر بەسە دزیکردنی زانیارییەکانم! زۆر بێزارم لەم جۆرە دزییانە و بەتەواوی هەراسانیان کردووم و هۆکارێکی سەرەکی وەستانم لە نووسین دزیکردنی زانیارییەکانمە لەلایەن کۆمەڵێک جەردە و مافیای نێو ماڵپەڕە کوردییەکان. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە ئەو دزو مافیانە حکومەت و پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بە دز، مافیا و گەندەڵ دەزانن لەسەر ئەوەی کە قووتی خەڵکی کوردستان دەدزن، کەچی خۆیان بە دز، مافیا و گەندەڵ نازانن کە نووسین و زانیاری نووسەرێک دەدزن!

فەرموون تەواوی ئەو زانیارییانەی کە لەگەڵ سوودی (سەرۆکمان زێڕە) دۆبلاژ یان مۆنتاژ کراوە، بەراورد بکەن بۆئەوەی دڵنیابن و بزانن کە زانیارییەکان زانیارییەکانی نێو نووسینەکانمە یان نا؟ تەواوی زانیارییەکان، لە لاپەڕەکانی (٣٤-٣٥)ی بابەتی (تاکبەندی ژمارە یەک و یەکەم ئەشکەنجەدانم) لە پەرتووکی (ئازارە شاردراوەکان)دا نووسیومە و ئەوان دزیویانە:

{پێشتر لێمیان پرسی کە ئایا عارەبی دەزانم یان نا؟ بۆ ئەوەی لە کاتی وەرگێڕاندا کاتێ کە وەرگێڕەکە قسەکانی ئەوان بۆ من و هی منیش بۆ ئەوان وەردەگێڕێت کە کاتێکی باشی دەوێت و لەشم تۆزێک پشوو دەدات و لێدانم کەمتر بەردەکەوێت، گوتم عارەبی باش نازانم و ئەگەر کەسێک قسەکانی ئێوەم بۆ وەرگێڕێت کە بە ئاسانی تێتان ناگەم باشترە. دوای ئەوەی ئەو قسانەم تەواوکرد، یەکسەر کەسێک بەربووە گیانم و زۆری تێ هەڵدام بە کێبڵ و پێلەقە و بە کوردی پێمی گوت: (تۆ کۆمەڵەیت و کەسێکی مارکسیت. ئێوەی کۆمەڵە دەیان و سەدان کتێب و سەرچاوەی مارکسی بە زمانی عارەبی دەخوێننەوە و تێی دەگەن، کەچی دەڵێیت عارەبی نازانم! بۆخۆت باش بزانە، چاوەکانیشت دەرچن نابێ بە کوردی قسە بکەیت. زوکە دەی بە عارەبی قسە بکە، هەی سەگی سەگبابی دایک حیز).

کاکی کورد، خۆ هەر دەتگوت کتوومت خزمی سەدام، عەلی حەسەن مەجید و لەناو گەڵی حزبی بەعس کەوتۆتە خوارەوە، پەلاماری دام و کێبل بارانی کردم. من دوای ئەو هەموو لێدانەش خالید خۆشناوم نەناسی، کەچی دوای مانگێک، واتە دوای گواستنەوەمان بۆ ئەمنی هەولێر، کاتێ لەگەڵ مامۆستا بایز مەولود تەها یەکترمان بینی، ئەو لێمی پرسی، کە ئایا مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕانم بینیبێ لە کاتی لێکۆڵینەوە؟ منیش بە تەواوی بۆم باسکرد چۆنم دیوە و چۆن هەوڵی دەدا ملم بکات بە پەتەکە. ئینجا مامۆستا بایز، باسی ئەوەی بۆ کردم کە لە مەنزومە ڕۆژانە بەبێ چاو بەستانەوە دەیانهێنایە دەرەوە و بە دەیان جار مامۆستا موحسینی بینیوە کە هاتۆتە مەنزومە و دەرچووە.

منیش پرسیاری ئەوەم لە مامۆستا بایز کرد، کە ئایا ئەو کوردە کێیە لە مەنزومەی شیمالی کاری وەرگێڕان دەکات؟ لە وەڵامدا گوتی: (ئەوە خالید خۆشناوی نووسەر و هەڵبەستوانە، ئەو کەسەی کە هۆنراوەی زێڕە سەدام زێڕەی نووسیوە، لێرەش پلەی نەقیبی هەیە).

ئەوەی شایەنی باسە عەمید خالید حەسەن تەها خۆشناو، کە نووسەری هۆنراوەی (زێڕە سەرۆکمان زێڕە ... سەدام زێڕە)یە، لە ساڵی (1981)ەوە تا ڕوخانی سەدام لە ڕۆژی (4.9.2003)دا لەو دەزگایە بووە و دوا پلەی عەمیدی ئیستخبارات بووە، یەکێک بووە لە برادەرانی سەدام حوسێن (من أصدقاء صدام حسين). عەمید خالید خۆشناو، لە ڕیزەکانی حزبی بەعس (عضو عامل) بووە و بەر لە ڕوخانی ڕژێمی سەدامی فاشی و ڕەگەزپەرست خاوەنی بیرۆکەی نووسینی پەرتووکێک بووە بەناوی (تۆماری ڕەش – السجل الأسود)، ناوبراو ئەو پەرتووکەی بە زمانی کوردی و عارەبی نووسیوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزیش و ئامادە کرابوون بۆ لەچاپ دان، بەڵام ڕوخانی ڕژێم ئەو پرۆژەیەی ناوبراوی لەکارخست ئەگینا دەمێک بوو بڵاوکرابووەوە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (146)، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (16.8.2003)، ل3). ناوەڕۆکی پەرتووکی (تۆماری ڕەش)، بە کورتییەکەی ئابڕووبردنی تەواوی پارت، سەرکردە، سکرتێری پارتە کوردی و کوردستانییەکانە، هەرچی تۆمەت و تاوان و بوختانی ناڕەوا هەیە لە دووتوێی ئەم پەرتووکەدا بەدی دەکرێن. گومانم هەیە کە پەرتووکێک بەم دواییە بە زمانی عەرەبی لە ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان بەناوی پەرتووکی ڕەش (الكتاب ألأسود) بڵاوکرایەوە، پەرتووکەکەی خالید خۆشناو بێت! جگە لەمەش خالید خۆشناو، بەر لە ڕوخانی ڕژێمی سەدام، هەواڵنامەیەکی تایبەت بە هەواڵەکانی کوردستانی بەناوی (رسالة الحقيقة – پەیامی ڕاستی) لە بەغدا لەدژی کورد دەردەکرد، کەچی دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام و بەعس سەنگەری گواستەوە بۆ ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و لە پەیمانگای کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەسیف پیرمام (سلاحەدین) مامۆستایە و وانەی ئاسایشی نەتەوەیی (ألأمن القومي) دەڵێتەوە.

هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان، ڤیان خالید حەسەن خۆشناوی کچی عەمید خالید خۆشناوی ئیستخباراتی وەکو ئەتاشگە (ملحق) بەگوێرەی فەرمانی وەزاری وەزارەتی دەرەوەی ئێراق بە ژمارە (ذ/1375/14/1/2)ی ڕۆژی (22.2.2005)دا لە یەکێ لە باڵوێزخانەکان دامەزراندووە، بەڵام دواتر لە ساڵی (2013)دا چووەتە بەغدا بۆ

بەشداریکردنی خولی بەرزکردنەوەی پلەکەی و دوای تەواوبوونی ئەو خولە بە سەرکەوتوویی، پلەکەی بەرز دەکرێتەوە}.

بۆ خوێندنەوەی پەرتووکی (ئازارە شاردراوەکان یاداشتی زیندان)، دەتوانن کلیکی ئەو لینکەی خوارەوە بکەن:

http://www.kurdipedia.org/books/85430.PDF

بۆ دزینی زانیارییەکانم لەلایەن چەند کەسێکی مافیا و جەردە، دەتوانن سەیری ئەو لینکەی خوارەوە بکەن کە لە ڕۆژی (٢٠١٥/٨/٢٨) لە یوتوپ دانراوە:

https://www.youtube.com/watch?v=mQS9n_qcxVM

دەرســــــیم
دووشەممە (٢٠١٦/٧/٢٥)
دانمـــــارک